لە نێوان کازمی و نەوشیروان مستەفا دا لا ٣

# بەرەو ڕووناکی

جگە لە سەروتار سەرجەم بابەتەکانی تر خاوەنەکانی لێی بەرپرسن.

ژمارە ١٣ ٢٠٢٠/٨/٢٠ ڕۆژی پێنج شەمە

## بزووتنەوەی گۆڕان بە بڕیاری جڤاتی نیشتمانی بەشداری کراوە لە حکومەتدا



بزووتنەوەی گۆڕان و ڕۆژنامەنووسان/ سالم محەمەد لا ٢

# بزووتنەوەی گۆڕان و ڕۆژنامەنووسان

سالم محمەد

لە پێش دروست کردنی بزووتنەوەی گۆڕانەوە ڕوانشاد کاک نەوشیروان بەهۆی گرنگی میدیاوە لەساڵی (٢٠٠٧) بریاری دامەرزاندنی کۆمپانیای وشە بۆ کاری ڕاگەیاندندا و نۆبەرەکەی(سایتی سبەی)بوو، کە بۆ ئەوکات هەنگاوێکی گەورە و کاریگەربوو بۆ بلاوکردنەوەی دەنگی ڕەخنەگرانەی ئەو کات، بۆیە بڵندگۆی دەنگی ناڕەزای پاشانیش (ڕۆژنامەی ڕۆژنامە و کەناڵی کەی ئێن ئێن و ڕادیۆی گۆڕان) هەتا دواتر لە چوارچێوەی میدیای ڕەسمی گۆڕاندا ڕێکخران هەموو ئەم دەزگا میدیانە ڕۆلی گەورەیان هەبوو لە پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووسی بوێر و بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕەخنە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم چین و توێژەکان دەزگا میدیایەکانی بزووتنەوەکە هەردەم وەک میدیای تەواو حیزبی کاریان نەدەکرد، بەڵکو خەڵکانی تری ناڕازی و بگرە کەسانی سەربەدوو حیزبی حوکومڕانیش بەردەوام لەم میدیایە و دەرکەوتوون.

دیدی گۆڕان و ڕەوانشاد کاک نەوشیروان بریتی بووە لەوەی ئازادی کاری ڕۆژنامەوانی بە شێوەیەکی فراوان هەبێت. بەڵام لەچوارچێوەی یاسادا و یاساکانی پەیوەست بە ئەرک و مافی ڕۆژنامەنووسان وەک خۆی جێبەجێ بکرێت ، میدیای گۆڕان وەک میدیایەکی کاریگەر ڕۆڵی گەورەی هەبوو لەوەی ڕۆژنامەنووسان لەوێوە باسی ئازارەکانیان بکەن و هەردەم هەوڵیداوە لە کاتی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسانیشدا فشاری بەهێز و جەماوەری دروستبکات بۆ ئەوەی تاوانباران دەستگیربکرێن.

لەسێبەری میدیای گۆڕان و روانشاد کاک نەوشیرواندا چەندین ڕۆژنامەنووسی تر دەنگیان بەئازادی دەگەیشتە گوێی هەموو هاوڵاتیەک و سایت و گۆڤار ڕۆژنامەکانیشیان کە خۆیان وەک ئەهلی دەناساند و بەهۆی ئەم پاڵپشتیەوە لە پێناو ئازادی کاری ڕۆژنامەوانی سایتەکانیان خوێنەری زۆر و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان فرۆش و تیراژیکی زۆری بوو، تارادەیەکی زۆر ببوونە جێگای متمانەی هاوڵاتیان ، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەم ڕۆژنامەنووسانە دەرکەوت کە دەستی دەسەڵاتن کۆمەڵێک قەڵەمی پارە پەرستن و وێڵی دوای ناوبانگ و پارە و ئیمتیاز بوون و نمەک بە حەرامیان بەرامبەر ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا کرد و دوای دروستبوونی قەیرانی دارایی لە جیاتی ئەوەی بەو ڕێزەوە کە هەیانبوو لەناو کۆمەڵگا خۆیان بهێڵنەوە چ وەک کەسایەتی ڕۆژنامەنووسەکان و چ وەک ناو ناوبانگی میدیاکە بەشێکی زۆریان بوون دەزگای سێبەری حیزب و شەخس و بەشێکن لەو هەڵمەتە میدیایی لە ماوەی ڕابردوو ئێستادا دژی بزووتنەوەی گۆڕان لە ئارادایە، بێ ویژدانانە ڕۆژانە لە جیاتی ڕەخنە گرتن لە سیستەمی حوکومڕانی هەرێم و دروستکردنی گەلێکی هۆشیار کە فێربێت داوای مافەکانی بکات دەکەونە هێرشکردە سەر بزووتنەوەی گۆڕان لە پێناو برێک مووچەی مانگانە و دەعوەتی باخی بەرپرسێک یان کارێکی شەخسی کە بۆیان بکرێت.

ئەم جۆرە کارە میدیایە کە بەشێک لە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە پشتیەوەن کاری گەورەی کردۆتە سەر کەسایەتی ڕۆژنامەنووسە ڕاستەقینە بە هەڵوێستەکان، لەناو کۆمەڵگاشدا جیاواز لە ڕابردوو کە خەڵک خولیای پیشەکەی هەبوو، هەروەها زۆرینەی کۆمەڵگاش بە چاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانین بەڵام ئەم خولیا و ڕێزە نەماوە، خەڵک هەردەم بە چاوی گوومانەوە دەڕوانێتە سەرجەم ڕۆژنامەنووسان.

له نێوان كازمی و نەوشیروان مستەفا دا

هۆشیار جەمال

پرسی گەرمی نێو میدیا مستەفا كازمی سەرۆک وەزیرانی عێراقە كە لە سەرجەم عێراقدا بە كوردستانیشەوە ئومێدی گۆڕانكاری و چاكسازی لێ هەڵچنراوە، ئەوەی ڕوودەدات لە لایەن كازمیەوە هێندەی نمایشی سەرشاشە و میدیایە و زیاتر شانۆگەریەكی دووبارەیە. بەڵام كاریگەرە لەسەر تاكی ڕۆژهەڵاتی، هێندە لە بواری كرداریدا دەرنەكەوتووە كە چ كارێكی كردووە، خەڵک ئومێدی بە سەرۆک وەزیرانێكی كاتی بێ كوتلەی بێ هێزە لە عێراقێكدا كە هەرێمی كوردستانەكەی بە دەست دوو حیزبی چەكدار و ناوچە شاخاویەكانی بەدەست هێزێكی تری چەكداری تروەیە كە پارتی كرێكارانی كوردستانە و كەم ڕۆژ هەیە سەروەری خاكەكەی پێشێل نەكرێت لە لایەن توركیاوە چ لە زەمین و چ لە ئاسمانەوە، هەرچی ناوەڕاست و باشوری عێراقیش پڕە لە میلشیای چەكداری گرێدراوی ئێران و هێزی بێگانە.

كەچی خەڵكانێک هەن پێیان وایە كازمی لەم دۆخەدا دەتوانێت چاكسازی بكات و خاڵە سنوریەكانی هەرێمی كوردستانی لە دەست هێزە حیزبەكانی یەكێتی و پارتی دەربهێنێت و دەوڵەتی دامەزراوەی بۆ دروست بكات، هێزی حیزب و شەخس لە سەرتاسەری عێراق نە هێڵێت مووچە بۆ هەرێمی كوردستان بنێرێت و دامەزراندن بۆ دەرچوانی زانكۆ و پەیمانگاكان بكاتەوە.

هەموو ئەم دێرانە نەوشیروان مستەفا زەمەنێكی دوور و درێژ چ لەناو یەكێتی و چ دوای دروستبووی گۆران شەڕی لە پێناودا كرد، ئەو لە ساڵانی سەرەتایی هاتنە شاری حیزبی كوردی لە دوای ڕاپەڕین شەڕی كرد لە پێناو ئەوەی بازگەی نایاسای و فەرهودی سەرسنورەكان نەمێنێت، كە باشترین بەڵگەش ڕاپۆرتێكی ژیار گل ڕۆژنامەنووسی تۆڕی هەواڵی (بی بی سی فارسی)ە، دەڵێت بیست و پێنج ساڵ پێش ئێستا لە گەشتێكمدا بۆ كوردستانی عێراق بۆ یەكەمجار بەناوی نەوشیروان مستەفا ئاشنا بووم، ئەوكاتە دەیان بازگە لە نێوان ڕێگای سەرەكی سنوری نێوان ئێران و سلێمانی لە گوندە گەورە و بچووكەكاندا دانرابوو لەم بازگانەدا بە ناوی باجەوە پارە لە خەڵک وەردەگرا. لە كاتی گەڕانەوەم بەرەو سنوری ئێران زانیم زۆربەی ئەو بازگانە نەماون یان سوتاون، شۆفێرەكە پێی وتم " كاكە نەوە" هەموو بازگەكانی كۆكردەوە، چونكە پارەیان لە خەڵک وەردەگرت بە نایاسایی.

دواتریش كە بزووتنەوەی گۆڕانی دروستكرد هەموو جۆرە ڕێگایەكی مەدەنی بەكارهێنا لە پێناو چەسپاندنی یاسای و مافی وەک یەكی بۆ هەمووان و نەمانی تەخشان و پەخشانی پارە كەم كردنەوەی گەندەڵی و بە دامەزراوەیی كردنی حكومەت و بە نیشتمانی كردنی هێزە ئەمنیەكان كە هەتا ئێستاش هێزەی حیزب و شەخسن، هەموو هەوڵێكی دا لە پێناو ئازادی زیاتری ڕۆژنامەنووسان و هاوڵاتیان، بەڵام زۆرینەی هاوڵاتی مەستی وەرگرتنی مووچەی مانگانە چەند سولفەیەكی كاتی وەک سولفەی زەواج و خانووبەرە بوون لە كاتێكدا ئەمانە سەرەتاترین مافی هەر هاوڵاتیەكە كە لێی سودمەندبێت، هەربۆیە لەهەر جوڵەیەكی بزووتنەوی گۆڕان لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا زۆرینەی كۆمەڵگا دەبووە لایەنگری یەكێتی و پارتی و ڕۆژێک بە ئاژاوە گێر و ڕۆژێک بە پیاوی دەوڵەتانی دوژمن و دوو ڕۆژ بە مەترسی سەر ئەزموونە ساواكە لێكیان دەدایەوە.

درێژەی وتار بۆ لاپەرە ٤

ماوەی لاپەرە ٣

ئێستاش کە هاوڵاتی مووچە و سولفەکان و تەخشان و پەخشانی پارە نەماوە، ڕۆژنامەنووسە بەناو ئازادەکان زۆربەیان میدیای سێبەریان دروستکرد و بوون بە بەشێک لە دەسەڵات. زۆرینەی کۆمەڵگا ئیشی بۆتە ئەوەی لە کۆمێنت جێنو بە گۆران بدەن و بێ دەنگ و لاڵ لە بەردەم هەردوو حیزبی حکومران لەولاشەوە ستایشکەری مستەفا کازمی دەکەن، ئاخر سەرۆک وەزیرانێک کە ڕۆژگارێک بووبێت لە خەرجی گۆڤارێکی بەرپرسێکی کوردا گەندەڵی کردبێت کە وەک هاورێیەکی ڕۆژنامەنووسی لە هەمان دامەزراوەی میدیایدا دەڵێت" مانگانە بە پزەوە وەسڵی بێ شوماری دەهێنا بەدڵی خۆی خەرجی کردبوو، ئەبێت ئێستا کە سەرۆک وەزیرانە چی بکات؟"

لێرەوە دەپرسین ئایا مستەفا کازمی چی کردوە بۆ یەکلای کردنەوەی پرسی کەرکوک ئەگەر سەرۆک وەزیرانێکی بێ لایەنە بۆچی تەعریب بەردەوامە، چی کردوە بۆ ئەوەی مووچە خۆرە راستەقینەکانی هەرێمی کوردستان لە م دۆخە سەختەی ژیانیان ڕزگاریان بێت؟ چیکردوە بۆ ئەوەی ڕێکەوتنی نەوتی هەرێم و تورکیا کە کردنەوەی دەرگای نەهامەتی بوو بەرووی هاوڵاتیانی کوردستان و دەرگای ڕەحمەت بەرووی دووحیزبەکەدا کۆتایی پێ بهێنێت و وەک دەوڵەتی عێراق چارەسەرێکی یاسای بۆم بابەتە بکات؟ یان سەرجەم گەمەکان کاتین و بانگەشەی پێش وەختی هەڵبژاردنەکانە؟





بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری کردمان لە حکومەتدا بڕیاری جڤاتی نیشتمانی بووە.

بزوتنەوەی گۆڕان پێشوازی لە پێشنیاز و پرۆژە و دیدگای جیاواز دەکات لە پێناو بەهێزکردنەوەی کاری ڕێکخراوەیی و پەرلەمانی و حکومی. سوپاس و پێزانینی هەیە بۆ ماندوبونی سەرجەم گۆڕانخوازان لە یانزە ساڵی رابردودا و هەمو ئەو پرۆژانەش بە نیشانەی پەرۆشی بۆ بزوتنەوەی گۆڕان دەزانێت.
رونکردنەوەیەک بۆ رایگشتی

بزوتنەوەی گۆڕان لە دەستپێکی سەرهەڵدانیەوە هێزێکی سیاسی و مەدەنیە و، پایەکانی لەسەر سیستەمێکی ئاسۆییە و دەستوری ناوخۆی بزوتنەوەی گۆڕان دیاری کردوە. بەردەوام روانین و دیدگای جیاواز هەیە و ئەمەش سەلمێنەری زیندویەتی دامەزراوە و ئۆرگانەکانی بزوتنەوەکەیە .

باڵاترین دامەزراوەی بڕیاردان لە گۆڕان جڤاتی نیشتمانیە. بەشداریکردن لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بڕیاری جڤاتی نیشتمانی بوە، بۆ ئەمەش بزوتنەوەی گۆڕان بەردەوام هەڵسەنگاندن دەکات و دوا بڕیار لە جڤاتی نیشتیمانی و بە بەشداری هەموان دەدرێت، نەک یەک ئۆرگان. سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژادنی ناوخۆیی و کۆنفرانسی نیشتمانی ئەوە خواستی زۆرینەی گۆڕانخوازانە و بڕیاری لەسەر دراوە و کاری لەسەر دەکرێت.

بزوتنەوەی گۆڕان پێشوازی لە پێشنیاز و پرۆژە و دیدگای جیاواز دەکات لە پێناو بەهێزکردنەوەی کاری ڕێکخراوەیی و پەرلەمانی و حکومی. سوپاس و پێزانینی هەیە بۆ ماندوبونی سەرجەم گۆڕانخوازان لە یانزە ساڵی رابردودا و هەمو ئەو پرۆژانەش بە نیشانەی پەرۆشی بۆ بزوتنەوەی گۆڕان دەزانێت.

# تەنز

چیمان زۆرە.؟

قوربان گیان نوسەری نەخوێندەوار و چالاکوانی مەدەنی چەک بە دەست.
ئەی چیمان کەمە ؟
قوربان مەسول بێت و قاچاخچی نەبێ..
لە چیدا سەرکەوتوین وەک حیزب.؟
قوربان گیان لە قەڵەم کرینەوەدا.
ئەی لە حکومەتدا لە چیدا سەرکەوتوین.
قوربان لە ئیش دۆزینەوە بۆ برادەرانی نزیک خۆمان.
خەڵک گلەی چیمان زۆر لێ ئەکات.
قوربان گیان ئەڵێن بۆ سەدامیان ڕوخان.
ئەی چیان زۆر بە دڵە.؟
قوربان گیان موزایەدە کردنمان.
کێ ئەناسی لەم قاچاخچیانەی ئێستا کە هەن.؟
قوربان گیان ، برا گەورە و شێخی گەورە..

پاڤێل جلال

**ئاگاداری سەرجەم نووسەران ڕۆشنبیران و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین دەتوانن بابەت و نووسینەکانیان بۆ ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەرەو ڕووناکی بنێرن بە مەبەستی ئەوەی بۆیان بڵاوبکەینەوە.**

**نووسەرە بەڕێزەکان دەتوانن نووسینەکانیان بنێرن بۆ ئەم ئیمەیل:**

bargrinamasalam@gmail.com